# هەڵبژاردن پێشوەختە لە عێراق دەکرێت؟

01-08-2021

**نووسەرەکان**

د. یاسین تەها

**کورتە :** بازنەی کشانەوەکان لە هەڵبژاردنی پێشوەختەی چاوەڕوانکراوی 10 ئۆکتۆبەری ئەمساڵ لەدوای سەدرەوە فراوانتر بوو. بەمدواییانەش حیزبی شیوعی و قەوارەکانی ئەیاد عەللاوی، ساڵح موتڵەگ و زیاتر لە 20 وردە هێزی دیکەی گرتەوە، بەڵام هێشتا دواخستنی پرۆسەکە یان ئەنجامدانی لەوادەی دیاریکراودا، جێگەی مشتومڕە و بەهیچ ئاراستەیەکدا، بەتەواوی یەکلایی نەبووەتەوە.

RRC |

یاسین تەها|

بازنەی کشانەوەکان لە هەڵبژاردنی پێشوەختەی چاوەڕوانکراوی 10 ئۆکتۆبەری ئەمساڵ لەدوای سەدرەوە فراوانتر بوو. بەمدوایانەش حیزبی شیوعی و قەوارەکانی ئەیاد عەللاوی، ساڵح موتڵەگ و زیاتر لە 20 وردە هێزی دیکەی گرتەوە، بەڵام هێشتا دواخستنی پرۆسەکە یان ئەنجامدانی لەوادەی دیاریکراودا، جێگەی مشتومڕە و بەهیچ ئاراستەیەکدا، بەتەواوی یەکلایی نەبووەتەوە.

پاساوی کشانەوەکان لە هەڵبژاردن جیاوازن، سەدر کە دەستپێشخەربوو لە راگەیاندنی بایکۆتی پرۆسەکە، هۆکارێکی روونی نەخستەڕوو، بەڵام باوەڕی زاڵ ئەوەیە کە بۆ پاراستنی رەوتەکەی بوو لە لێکەوتەی کۆمەڵێك شکست و داڕمان لە کەرتی تەندروستی و کارەبا کە سێ مانگ بەر لەوادەی هەڵبژاردن، کاربەدەستە سەدرییەکانی تووشی شەرمێکی گەورە کردبوو. ئەوان چەندین ساڵە کۆنترۆڵی ئەم دوو وەزارەتەیان کردووە. پاساوی عەللاوی و هێزەکانی دیکەی وەك شیوعی و بزووتنەوە و هێزە نوێیەکانی پاش تشرینی 2019، پەیوەستە بە بێهودەیی ئەنجامدانی هەڵبژاردن. ئەویش لە دۆخێکدا کە چەك باڵادەستبێ و پارەو موڵك و ماڵی دەوڵەت لە خزمەت هێزە سیاسییە کاریگەرەکاندا بێت. دیارە ئەمەش چارەسەرێکی دەستودەمی نییە و بەچەندین ساڵی دیکەیش چاك ناکرێت، تەنانەت ئەگەر ویست و بەرنامەشی بۆ هەبێت.

جیاواز لە بایکۆتی شوباتی 2014، ئەمجارەیان سەدر بەتەواوی خۆی لە کاروباری سیاسی دوورەپەرێز نەگرتووە، ئەوەتا جگە لەبەردەوامی تۆمارکردنی لایەنگرانی بۆ پرۆژە سیاسییە کۆمەڵایەتییەکەی (البنیان المرصوص)، لە دەمی سەردانی کازمیشدا بۆ واشنتۆن لە هەفتەی رابردوو، تویتێکی دەستخۆشی کرد بۆ رێککەوتنی گۆڕینی ئەرکی هێزەکانی ئەمەریکا لە شەڕەکەرەوە بۆ ڕاوێژکار، هەندێك لە بەربژێر و کەسە دیارەکانی ناو رەوتەکەیشی بەدووری نازانن کە رێبەرەکەیان لە هەر کات و ساتێکدا بڕیاری گەڕانەوە بۆ ناو پرۆسەی هەڵبژاردن بدات، چونکە بەگوتەی ئەوان "وڵات پێویستی پێیەتی"، لەلایەکی دیکەشەوە داوا و تکای زۆر لە زۆر لایەنەوە لە سەدر کراوە بۆ ئەوەی پاشگەز بێتەوە.

هەڵبژاردنی پێشوەختەی تشرینی داهاتوو کە ئەگەر سەربگرێت پێشینەیەکی نوێیە لە مێژووی پرۆسەی سیاسی عێراق لە پاش 2003، لە بنەڕەتدا بۆ چارەسەرکردنی ئەو قەیرانە گەورەیە بڕیاری لێدرا کە خۆپیشاندانی کۆتاییەکانی 2019 ی سەردەمی عادل عەبدولمەهدی هێنایە کایەوە، بەڵام بەشێکی بەرچاو لە هێزە چالاکەکانی ئەم جموجۆڵە هەر لە سەرەتاوە پاشەکشەیان کردووە. بەشی زۆری ئەندازەی یاسا و دابەشکردنی بازنەکانی هەڵبژاردنیش لەلایەن رەوتی سەدرەوە کراوە و وەك کاڵا بەباڵای ئەواندا دووراوە، کەچی ئێستا پاشەکشەیان لێکردووە، ئەمەش دووهۆکاری گەورەن بۆ ئەوەی ئەگەری ئەنجامنەدانی بەهێزتر بکەن بەتایبەت ئەگەر سەدر پەشیمان نەبێتەوە، کە جگە لە هێزێکی جەماوەریی گەورە کە لە چارەکی شیعە زیاترە، باڵێکی سەربازی گەورەشی بەدەستەوەیە (سرایا السلام).

جگە لە حکومەت، ئەوەی بە ئاشکرا پێداگیری لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن دەکات نووری مالیکی سەرۆکوەزیرانی پێشووترە، لەکاتێکدا ماوەکانی رابردوو دژی سازکردنی بوو، چونکە یاساکە، دەنگەکانی ئەوی پەرتەوازە دەکرد. ئەم پێداگیرییەی ئێستای مالیکی دوو خوێندنەوە هەڵدەگرێت، یەکەمیان هەوڵی کەڵك وەرگرتنە لە نەبوونی سەدر کە رکابەری سەرەکی و سەرسەختی مالیکییە یان هەراسانکردنییەتی، لە کاتێکدا ئەو هێشتا لە دۆخی بایکۆتکردندایە. دووەمیشیان تۆمارکردنی هەڵوێست و خۆهەڵکێشانی مالیکییە بە دەربڕینی ئامادەیی بۆ هەڵبژاردن لەکاتێکدا کە دڵنیایە ناکرێت، بەمەش دواتر دەیکاتە هەڵوێست و وەک بانگەشە بەکاری دێنێت.

حکومەتی کازمی کە سەرپەرشتی پرۆسەکە دەکات و چارەیەکی جیاوازلە بەرگریکردن لە هەڵبژاردن لەوادەی خۆی نییە، چونکە ئەم حکومەتە لەبنەڕەتەوە بۆ دوو ئەرك هەڵبژێردراوە کە ئەوانیش ئەنجامدانی هەڵبژاردن و بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنا و لێکەوتەکانی بوو. هەر سستییەك یان کەمتەرخەمییەك لەم دوو بوارەدا شەرعیەتی دەخاتە مەترسییەوە و دەیکاتە نێچیر بۆ نەیارە زۆرو زەوەندەکانی، بەڵام باوەڕی زاڵ ئەوەیە کە دواکەوتنی هەڵبژاردن بەرژەوەندی کازمیشی تێدایە، چونکە چەند مانگێکی دیکە تەمەنی کابینەکەی درێژ دەکاتەوە و دەرفەتی زیاتری پێدەدات بۆ بیرکردنەوە لە داهاتوودا.

سازکردنی هەڵبژاردن تەنیا لەسەر هەڵوێستە سیاسی و یاساییەکان نەوەستاوە، لایەنێکی گرنگی ئەم پرۆسەیە ئاسایش و ئۆقرەییە کە ئەویش بەندە لەسەر هەڵوێستی میلیشیا چەکدارەکانی شیعە. ئەم گرووپانە هێشتا لەمشتومڕدان لەبارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەنجامەکانی دیداری کازمی و بایدن، هاوپەیمانە سیاسییەکانی ئەم گرووپانە (فەتح) پێشوازیی لێدەکەن، بەڵام هەندێك لە میلیشیاکان دژی دەوەستنەوە، هەندێکیشیان هێشتا بێدەنگن. زانیارییە دزەپێکراوەکانیش باس لەناکۆکی و دابەشبوون و مشتومڕ

دەکەن لەنێوان "ئەنجوومەنی هاوئاهەنگی موقاوەمە"، تاوەکو یەکلاییبوونەوەی هەڵوێستی ئەوانیش لە حکومەتی کازمی و لە هەڵبژاردنیش لایەنی ئۆقرەیی پرۆسەکە هەر بەتەمومژاوی دەمێنێتەوە.

رەنگە زۆربەی لایەنەکان هاوڕابن لەسەر نەبوونی دەرفەت و زەوینەی سازکردنی هەڵبژاردن لە تشرینی دووەمی 2021، بەڵام روونە هیچ لایەکیان دەستپێشخەری دواخستنی ناکەن بەوپێیەی بە نیشانەی شکست و لاوازی لێکدەدرێتەوە، حکومەتی کازمی و کۆمسیۆنیش دەبێت تاوەکو دواچرکە شەڕی لەسەر بکەن. وادیارە ئەوەی کاریگەریش دەبێت لە دواخستنی، زۆربوونی کشانەوەکان و زاڵبوونی بارودۆخەکەیە بەسەر ئەم خواست و وادەیەدا، ئەوەش رەنگە ماوەیەکی دیکەی پێبچێت تاوەکو دەگاتە دۆخی خەملین، هەڵبەت ئەگەر پاشگەزبوونەوەی سەدر یان پاڵنەرەکانی سازکردنی هەڵبژاردن بەخێرایی بەئاراستەی پێچەوانە نەکەونە جوڵە!

*یاسین تەها، شارەزای کاروباری عێراقە و ئەو وتارەی بەتایبەت بۆ ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو نووسیوە.